# کەمی ڕێژەی ژنان لەبواری رۆژنامەگەریدا



**ئامادەکردنی : ئارەزوو نوری**
**کەرکوك**

رۆژنامەنووسانی ژنان هۆی ئەوە ئەگەڕێننەوە بۆ ئەو بەربەستانەی کە لەرێگایاندا دانراوە لەلایەن کۆمەڵگاوەو بەند بوون بەدابو نەرێتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەبەر ئەوە بە پێویستمان زانی بە پرسیاری (ئایا ژنان توانیویانە رۆڵی ئەکتیڤ ببینن لەو بوارەدا؟ ئەگەرنا ئەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی خۆیان یان ئەویش بەربەستێکە لەڕێگایاندا؟),گەشتێك بەنێو رۆژنامەنووسانی ژناندا بکەین تا لەچوارچێوەی بۆچوونەکانیاندا بگەینە سەرئەنجامێکی کێشەکە. ئەوانیش بەم شێوەیە هاتنە وەڵام بۆمان:

**ناهید حوسەینی** **رۆژنامەنووس‌و شاعیر ووتی: ژن لەمێژە بوونی بووە لە رۆژنامە کوردیەکاندا بەڵام ئەو بوونە بوونێکی تۆخ نەبووە بوونێکی کەم رەنگە, ناڵێین هەر نییە بەڵام کەمە, جا ئەبێ بیر لەوە بکەینەوە بۆ کەمە، ئێمە هەمیشە ئەڵێین کۆمەڵگای پیاوسالار غەدری لێکردین نەیهێشت وا بکەین ئەمەی کردو ئەوەی کردو زەبرو زەنگ کەوتە سەرمان, ژن بواری دەربڕینی پەیدا نەکرد ژن شەرمنبارهات, هەموو ئەمانە دروستن بەڵام قسەی من لەسەر ئەوەیە ئەمڕۆ کە بوار خۆشکراوە, ئەمڕۆ کە ڕێ ئەدرێ بە ژن کار بکات, ئەمڕۆ کە ژنان ئەتوانن خاوەنی راو دەنگی خۆیان بن بۆچی حزوری ژن کەمە؟ ئایا دووبارە کۆمەڵگای پیاوسالار ڕێی لێئەگرێت.؟ ئەمە بەشێکە راستە هێشتاش هەندێ لە ئەقڵییەتەکان پیاو سالارە لەوانەیە ڕێ لە ژن بگرن, بەڵام ئەو ڕێ گرتنە من پێم وایە ئەگەر ژن خۆی بیەوێت ئەتوانێ لەسەر رێگای خۆی لایبەرێت, نەك هەر مەجالی رۆژنامەگەری کوردی, لە هەموو مەجالەکانی تر بۆ ژن.**

**ناهید حوسەینی پێی وایە ئامادەبوونی ژن بووە بە جۆرێك لە بەرخۆدانی تاکی کەس, "ژن ئەگەر خۆی بیەوێت‌و خۆی پێوە ماندوو بکات, ئەگەر هەوڵ‌و تەقەلاو کۆششی بێت ئەتوانێ بگاتە ئەنجام".**

**دواتر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەموو ئەو کەسانەی لەم بوارەو هەر بوارێکی دیکە کار بکەن ئەوە بێگومان بەربەست هەبووە لە رێگایاندا تاوەکو بوونی خۆیان سەلماندووە, "بە هەموو شێوەیەك**

دەیانویست زاڵ بن بەسەرماندا بەڵام کە خۆمان کۆڵمان نەدا ئیتر توانیمان لەسەر پێی خۆمان بوەستین".

شاعیرو نووسەر **ئاوێزان نوری** لەشاری کەرکوك دەیپرسی چۆن رۆڵی ئەکتیڤ نابینن لەو بوارەدا..؟ "چەندین رۆژنامەو گۆڤارمان هەیە کە ژنان سەرپەرشتی دەکەن‌و بەوپەڕی قەناعەتەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن", لە رادیۆو میدیاکانیشدا ژنان زیاتر رۆڵی سەرکەوتوی تیا دەبینن سەرەڕای هەموو "بەربەستیەك‌و هەڕەشە لێکردنێك لەلایەن کۆمەڵگەی باوك سالاریەوە", چونکە بڵێیت‌و نەڵێیت ئێمە لە ولأتێکدا دەژین باوك سالاری رۆڵی تیا دەبینیٚ.. "هیچ ژنێك لەم گەردونەدا نیە کە روبەڕووی توندو تیژی نەبوبێتەوە".. بە تایبەت ئەو ژنانەی لەم بوارەدا کاردەکەن توشی جۆرەها توندو تیژی دەبنەوەو سوکایەتیان پیٚ دەکریٚ لەلایەن خێزان‌و دراوسیٚ‌و خزم‌و تەنانەت هاوڕێکانیشی..

خاتوو ئاوێزان پێی وایە هەر بابەتێك کە ژن نوسیبێتی باس لە توندوتیژی دەکات بەرامبەر بە رەگەزی میٚ: "چونکە دیاردەیەکی زۆر زەقەو ئاسان نیە ژنێك هەموو گیانی ئازار بیٚ‌و باس لە ئازارەکانی خۆی نەکات".. هەرچ ژنێکیش لەم بوارەدا کار بکات روبەڕوی کۆمەڵیٚ سوکایەتیکردن دەبێتەوە.. "گەر ئەو ژنەی زۆر بەتواناو خۆڕاگر نەبێت ناچار دەست دەکێشێتەوە لەم کارە".. چونکە ئەم کارە مرۆڤی گەڕۆکی دەوێت بۆ ئەوەی ببیٚ بە رۆژنامەنووسێکی کارا, دەبیٚ بەشداری کۆنگرەو خولی رۆژنامەوانی‌و بەدواداچونی هەواڵەکان بکات لەناوەو دەرەوەی شار زۆرجار دەچێتە دەرەوەی ولأتیش... بەڵام با ئێمە هەندیٚ واقعی بین با "ژنێك بۆ پێنج خولەك لەسەر شەقام بوەستیٚ بزانە هۆرنی سەیارەو تەعنەی پیاوە (نا ماقولٚ‌و گەمژەکان) راوی نانێن"... ئیدی ئایە ئەمانە هەموو بەربەست  نین لە رێگای ژناندا.؟

رۆژنامەنووس **بەناز کوێستانی** سەرنووسەری رۆژنامەی پێگە لە سلێمانی پێی وایە: بەگشتی لەراگەیاندنە کوردیەکاندا کارکردنی کچان  کاراو چالاکە لەبواری رادیۆو تەلەفزیۆندا، بەڵام لەبواری رۆژنامەگەریدا ئەو چالاکیە نابینرێت، هۆی ئەو ناچالاکیەشی گەڕاندەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار کە هەندێکی پەیوەست بیٚ بەکەسایەتی ئەو کەسەوە هەندێکیی تریش بەو یاساو داب و نەریتەی کە لەناو کۆمەڵگەدا باوە.

بەناز کوێستانی دەیووت کاری راگەیاندن هەر ئەوە نییە لەبەیانیەوە تا کاتژمێر یەك کار بکات: "لەوانەیە بچیت بۆ کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی دوانزەی شەو بێیتەوە یان شەو لەویٚ بیت یان مەفروز ئەکات بتنێرن بۆ وولأتێکی تر بتنێرن بۆ قەزاو ناحییەکی تر". دواتر باسی لە رێگرەکان بە چەند خاڵێك کردو وتی: رێگرەکان کۆمەڵیٚ خاڵن بەڵیٚ لەوانە رەنگە پەیوەندی بە کەسایەتیەکە خۆیەوە هەبێت لەوانەشە  پەیوەندی بە خێزانەوە  هەبێت خاڵێکی تر پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەبێت یان پەیوەندی بە کەلتورەوە هەبێت. "بەڵام هەندیٚ کچمان هەیە کەسایەتیان لاوازە ناتوانن

**پشت بەخۆیان ببەستن"، بۆ هەموو کارێك ئەبیَ پرس و رایەك بە ماڵەوە بکەن کەبەتەئکید ئەمەش پەیوەستە بەو خێزانەی کەپەروەردەی کردوەو وای فێر کردووە ئەو کەسە نەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت بۆ هەموو راوەرگرتن‌و بریارێك پەنا بەرێتەوە بەر کەس و کاریان چ دایکی بێت یان باوکی یان برای بیَ یان خوشکی‌بیَ ئەمە ئەو پەروەردەیەیە "کەکۆمەڵگەی ئێمە کەسایەتی چ کچ بێت یان کوڕ وا پەروەردە ناکات کە پشت بەخۆی بەستێت بۆ هەموو بڕیارێکی بگەرێتەوە بۆ خێزان، ئەو پەروەردەیە بەلای منەوە پەروەردەیەکی دروست نیە".**

رەنگە زۆر کچمان هەبێت ئێستا هاتۆتە بواری رۆژنامەگەرییەوە بەڵام سەیر ئەکەین پاش ماوەیەك لە بوارەکە نامێنیَ ناوەکەی وون ئەبێت و ئەکشێتەوە ئەمە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کەبەراستی کۆمەڵگەیەکی زاڵمان هەیەو پەیوەستە بە کۆمەڵیَ داب و نەریتی کۆنەوە کەوا لەو کەسە دەکات بە ووتی ووتی لەکارەکەی دابڕن، بۆنمونە ئەم کچە بەیانی ئەچێتە دەرەوە ئێوارە ئەگەڕێتەوە یان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هەیە لەشارێکی تر لەتەنیشت کورێکدا دانیشتوە یان لە شاشەی تەلەفزیۆن دەرئەکەوێت یان دەورەیەك هەیە سیَ چوار شەو ئەچێتە شارێکی تر بۆ ئەو دەورەیەو دێتەوە،لەم کاتەدا کۆمەڵیَ ووتی ووتی ناوگەڕەك و ناو کۆمەڵ ناو دراوسیَ ناو کەس و کار وا لەو کەسە ئەکات لەو بوارە بکشێتەوە و واهەست دەکات بەو هەموو وتی وتیەی ناو کۆمەڵ کەسایەتیی لەکەدار ئەبێت بۆیە ئەبێت ژنان‌و کچانی ئێمە زۆر گویَ بەو کۆمەڵە هۆکارە نەدەن‌و چالاکانە بێنە بوارەکەو وجودی خۆیان هەست پیَ بکەن‌و وەك کەسایەتیەکی بەهێز لەناو کۆمەڵگەو گۆڕانکاریەکاندا پێگەو کاریگەریان هەبێت.

**دیاری فەرەیدون شاعیرو رۆژنامەنووس پێی سەیربوو کە ووتمان ژنان نەیانتوانیوە رۆڵی ئەکتیڤیان هەبێت لە بواری رۆژنامەنووسیدا, بۆیە بە پێچەوانەی پرسیارەکەی ئێمە ووتی "ژنان زۆر بە ئەکتیڤانە رۆڵیان هەیە لەو بوارەدا ئەتوانن بڵێن بۆچی رێژەی ژنان کەمە لەم بوارەدا نەك ژنان ئەکتیڤ نین", چونکە ئەم ژنانەی هاتوونەتە ناو دنیای راگەیاندنەوە بە تایبەتی بواری رۆژنامەوانی‌و ئەوانەی کە دەیانناسم‌و ناویان هەیە زۆر بە ئەکتیڤانە کار دەکەن‌و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان زیاتر گەشە بدەن بە کارەکەیان‌و بگەن بە ئامانجی تر, بۆ لایەنی پرسیارەکەت دەگەڕێمەوە بۆ چەند خاڵێك یاخود کارێك یەکێك لە هۆکارەکان یەکەمین رێژەی ژنان لەم بوارەدا ئەگەڕێمەوە بۆ هاوکاریکردنیان لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیانەوە چونکە ژنان گەر هاوکارییان نەکرێت لەلایەن نزیکترین کەس کە ئەندامانی خێزانەکەیەتی هەرچەندە ئەکتیڤی ژن تووشی نوشوستی دەبێت‌و واز دێنیَ لە کارەکەی.**

**دواتر دیاری فەرەیدون هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن: "هیچ کات بە سنگە فراوانەوە یارمەتی ئەو ژنانە نادەن کە هاتوونەتە بوارەکەوە هەمیشە ژنان لە ململانێدایە بەرامبەر ئەو بەربەستانەی دێتە رێی کە ناهێڵێت پەرە بەکارەکەی بدات‌و هەوڵی ئەوە ئەدەن کە هەرەسی پێبێنێت"و ئەو ژنانەش کە دەرکەوتون لە بواری راگەیاندندا بەتایەبتی بواری رۆژنامەوانی**

بەدڵنیاییەوە دەڵێم زۆر بەتواناو ئەکتیڤن. دیاری فەرەیدون باسی ئەوەی کرد کە تا گەیشتووەتە ئەو ئاستە چەند بەربەست هەبووە لە ڕێگای‌و تاوەکو ئێستا کۆڵی نەداوە "هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدام بۆ برەودان بە کارەکەم".

(**بەناز کوێستانی**) پێشنیاری خۆی ئاراستەی کچان کردو ووتی: "لەم مینبەرەوە داوا لە کچان ئەکەم کە زیاتر گرنگی بە بواری رۆژنامەگەری بدەن و بتوانن لەو بوارەدا کار بکەن چونکە بە تەئکید لەم بوارەدا دەتوانن هەم کەسایەتیان دروست بکەن هەم وەك کەسێکی چالاك کۆمەڵگە بەرەو گۆرانکاری بەرن."

(**ئاوێزان نوری**) ووتی:" ژنان هەرچەند زۆر کۆت‌و زنجیریان پچڕاندووە, با زیاتریش بپچڕێنن‌و دیوارەکان بڕوخێنن, ببنە هێزێك تا هیچ بەربەستیەك نەیەتە ڕێیان, ئەگەر هاتیش گوێی پیٚ نەدەن تا بونی خۆیان دەسەلمێنن لە جیهاندا (کە مرۆڤن نەك کالاٚ).!"

(**ناهیدی حوسەینی**)یش پێی وابوو خودی ژن خۆیەتی بووە بەبەربەست لەبەردەم خواستەکانیدا,! ئەو ووتی:"پێموایە چەنێك لەوانەیە کۆمەڵگا غەدر بکات یان غەدری کردبێت لەژن, ئێستا خودی ژنە بووە بە بەربەست بۆ خۆی واتە ژن ئەتوانیٚ ئەگەر بیەوێت."!!!